# لڤین له زاری خۆیانه‌وه ئیعترافاتی ئه‌و موسته‌شارانه بڵاوده‌کاته‌وه که به‌شداری ئه‌نفالیان کردووه

**سه‌رۆك جاش شێخ فه‌خری ئیسماعیل ئاغا**

**" له ئه‌نفالی یه‌که‌م و ئه‌نفالی دووه‌م و ئه‌نفالی پێنجه‌مدا زۆرێکمان له شه‌رکه‌رانی دوژمن کوشت و زۆریشمان بریندار و ده‌ستگیر کرد "**



محه‌مه‌د کحلی رێکانی دوو کیلۆ ئاڵتون و (60000) دیناری خه‌ڵاتی به‌عس کردووه له ساڵی 1983

به پشتبه‌ستن به چه‌ند به‌ڵگه‌نامه‌یه‌کی مێژوویی گۆڤاری لڤین دانپیانانی چه‌ند سه‌رۆك جاشێك بڵاوده‌کاته‌وه، که شایه‌تی ده‌ده‌ن له‌سه‌ر به‌شداریکردنیان له پرۆسه‌ی ئه‌نفالدا.

ئه‌و به‌ڵگه‌نامه مێژووییانه‌ی که لڤین بۆ ئه‌م کاره پشتی به‌ستووه بریتیه له چه‌ند ژماره‌یه‌کی رۆژنامه‌ی هاوکاری زمانحاڵی حیزبی به‌عس که له ساته‌وه‌ختی پرۆسه‌ی ئه‌نفالدا به‌ره‌کانی جه‌نگی به‌سه‌رکردۆته‌وه و له‌گه‌ڵ ئه‌و سه‌رۆك جاشانه‌دا چاوپێکه‌وتنی کردووه له‌میانه‌ی گێڕانه‌وه‌ی سه‌روه‌ریه‌کاندا بۆ رۆژنامه‌که به‌شێکی زۆر له‌و سه‌رۆك جاشانه ئاماژه به به‌شداریان له پرۆسه‌ی ئه‌نفالدا ده‌که‌ن و ته‌نانه‌ت ناوی ئه‌و قۆناغه‌ی ئه‌نفال و ئه‌و شاروشارۆچکه و گوندانه‌ش ده‌به‌ن که ئه‌نفالیان تێدا کردووه.

جێگای وه‌بیرهێنانه‌وه‌یه گۆڤاری لڤین له ژماره (12)یدا یه‌که‌مین میدیای کوردی بوو که بابه‌تی جاشه‌کانی به‌شداربووی پرۆسه‌ی ئه‌نفالی وروژاند و ناوی 77 موسته‌شاری به‌شداری ئه‌و پرۆسه‌یه‌ی بڵاوکرده‌وه که له لایه‌ن حیزبی به‌عسه‌وه ده‌ستخۆشیان لێکراوه له به‌رامبه‌ر ئه‌و رۆڵه‌ی که بینیبویان له پرۆسه‌ی ئه‌نفالدا.

**لە کاتێکدا سەدام و داروودەستەکەی لە قەفەزی دادگادان بە تۆمەتی کوشتاری خەڵکی کوردستان لە پرۆسەی ئەنفالدا داخوازییەکی جەماوەری لە ئارادایە بۆ دادگاییکردنی ئەو سەرۆك جاشانەی کە پێشڕەو و بەشداری ئەنفالی خەڵکی کوردستان بوون.**

**لە روانگەی ئەو داخوازییە جەماوەریەشەوە لڤین جارێکی تر فایلی سەرۆك جاشەکانی بەشداری ئەنفالی وروژاندەوە. لە ژمارە () ساڵی () کارێکی دیکەی لەسەر کرد. هەروەها لەسەر داواکاری جێگری سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان لڤین هەموو ئەو بەڵگەنامانەی پێشکەشی سەرۆکایەتی پەرلەمان کردوە کە ناوی ئەو سەرۆك جاشانەی تێدا تۆمارکراوە. لەم ژمارەیەشدا لڤین دەقی ئەو لێدوانانە بڵاودەکاتەوە کە هەندێك لە سەرۆك جاشەکان لە کاتی خۆیدا بۆ رۆژنامەی هاوکاری داویانە و جەخت لە رۆڵی خۆیان دەکەنەوە لە پرۆسەی ئەنفالدا.**



– فاروق نەورۆڵی – فەوجی 196

" لەکاتی دروستبونی فەوجەکەمانەوە چالاکانە کەوتوینەتە تۆمارکردنی داستانی سەرکەوتن وکاری ئەنفالی (4) دیارترینیانە، وە لە هەر کوێیەك و هەر ناوچەیەکی کوردستان دوژمن بیەوێت بەرەنگاریان دەبین و داروبەردیان لێ دەکەین بە ئاگر. " هاوکاری ژمارە 1003– 1989/9/1



– تۆفیق سلێمان شکیرانی – فەوجی 113

" ئەوکاتەی فەوجەکەمان دامەزرا یەکسەر لە دەڤەری چوارتا لەگەڵ ژمارەیەك شەڕکەردا لەگەڵ دوژمنی بێگانە و خوێمنژ رووبەڕوو بوینەوە، هەروەها لە چیای ئەزمڕ و لە ناوچەی ئەتروش هەندێ بارەگای بەکرێ گیراوانمان وێرانکرد، هەروەها شەڕکەرەکان چەند شەڕێکی تریان لەگەڵ دوژمنانی ئێرانی کرد لە ناوچەی چەمچەماڵ و دوکان. لە دیارترین بەشداریەکانیشمان لە قادسیەی صەدامدا بەشداری فەوجەکەمان بووە لە ئەنفالی یەك لە ناوچەی سەرگەڵو و بەرگەڵو و زێوە." هاوکاری (582) – 1982/6/13



– سالار قەرەوەیسی

"کارەکانی ئەنفال نمونەی ئەو نەبەردیانەن کە هێزەکەمان بەشداری تیاکردووە بۆ پاکژکردنەوەی کوردستان لەو کەسانەی پێش دوژمن کەوتبون و بوبوونە داردەستیان." هاوکاری (982) – 1988/6/13



– جەلال رەفیق کاکی فەوجی 101

"لەهەمو جەنگەکانی کەرتی باکور بەشداریمان کردووە لە کارێزە و ماوەت و مێرگەسوور و داقوق لە پارێزگای کەرکوکدا و زیانێکی زۆر گەورەمان لە دوژمن دا." هاوکاری (983) – 1988/6/16



– عصمەت دینوسندی – فەوجی 157

"بەشداریمان لە چەندین شەڕی گرنگدا کردووە لە (دێمکاو) و (دێرەلوك)و (زاوێتە) و شەڕی چیای (هلیموکار) و لەکارەکانی ئەنفالی پێنجدا بەشداریمان کردووە." هاوکاری (993) – 1988/7/21



– شێخ ئیبراهیم مزوری– فەوجی (20)

" ئەوەی شانازی پێوەدەکەین ئەم فەوجەمان

لەهەموو ئەو جەنگانەدا بەشداری کردووە شانبەشانی فەیلەقی یەکەم لە چوارتا و ماوەت پارێزی کردنی سەنگەرە سنورییەکانی ناوچەی زاخۆ و سلێمانی ئەمە و جگە لە ئەرکەکانی ناوچەی دوکان، ئەوەی شایەنی باسە ئەم فەوجە قارەمانەمان (35) نیشانەی ئازایەتی پێبەخشراوە لە لایەن نوسینگەی ڕێکخراوی باکور، سوپاسنامە و ڕێزلێنانی پێ بەخشراوە لەلایەن سەرەکی ئەرکانی گشتی سوپاوە لەناوچەی دوکان." هاوکاری (1000) – 1988/8/22



– شێخ خالید محمود أحمد غەوارە(خالیدی خولەسوور) فەوجی 96

" پاش دروستبوونی فەوجەکەمان چالاکیەکانمان سنورێکی فراوانتری گرت و کارەکانی ئەنفال دیارترینیانە، ڕزگارکردنی شەدەڵە و سورداش و قەرەداغ لە کارە گرنگەکانی فەوجەکەمانە، ئەوەشم لە یادنەچێت فەوجەکەمان دەورێکی باڵای هەبوو لە ڕزگارکردنی شاخی (کۆجار)دا. " هاوکاری (1000) – 1988/8/22



– غەفور دۆلبیشکی

"ئەو قوربانیە گەورەیەی فەوجەکەمان داویەتی و کارەکانی ئەنفال باشترین بەڵگەی ئەو قسەیەمانە، بۆیە بەشداریمان لە بەرەکانی جەنگدا مایەی شانازیمانە و ئامادەین لە سەرتاسەری عێرقدا بجەنگین. " هاوکاری 995 – 1988/8/4



– موعتەصەم عەبدولکەریم بەرزنجی

" فەوجەکەمان خاوەنی چەندین شەهید و بریندارە کە ئەم ناوچانە شوێنی تۆمارکردنی نەبەردیەکانمانە (چوارتا، ماوەت، قادرکەرەم، سەرگەڵو، کونجرین، سەنگاو، بەندۆرە، کارێزە، ئەزمەڕ) هەروەها لە کارەکانی ئەنفال بە تایبەتی یەك و سێ و چوار دەوری دیاری فەوجەکەمان جێگەی شانازیمانە و جەنگاوەران لەلایەن سەرکردایەتییەوە ڕێزیان لێنراوە." هاوکاری (995) 1988/8/4



– شێخ نەجمەدین بەرزنجی–موستەشاری فەوجی 174

"کارەکانی ئەنفال جەنگاوەران دەورێکی گەورەیان تیابینی و لەلایەن سەرکردایەتییەوە بە ( نوط الشجاعة ) ڕێزلێنراون." هاوکاری



– صادق زیرو هەرکی – راوێژکاری فەوجی 36

" چەند شەڕێکمان لەگەڵ دوژمنی تەماعکاردا کردووە لە ناوچەکانی قەرەداغ و چوارتا و قادرکەرەم و کەرتی شوان و کەرتی ماوەت و باتیغی لەم دواییانەشدا بەشداریمان کرد لەشەڕەکانی ئەنفالی یەك و دوو.بۆ مێژوو دەڵێم کە شەرکەرەکانی ئێمە لەم شەڕانەدا تەخسیریان نەکردووە بە هەموو دڵ و بڕوایەکەوە گوللەیان ناوە بە دوژمنی چەپەڵەوە و بەسەدان سەربازی بێگانەیان کوشتووە."هاوکاری 998 – 1988/8/15



– تەحسین شاوەیس سعید– راوێژکاری فەوجی 172

" فەوجەکەمان لەلایەن سەرکردایەتییەوە 15 نیشانەی ئازایەتی پێبەخشراوە، لەمەوە شانبەشانی هێزە چەکدارەکان بەشداری کردووە لەنێو فەیلەقی یەکەم و هەرواش بەشداری کردووە لە کارەکانی ئەنفالی یەکەم و دووەم و سێیەمدا." هاوکاری 998 – 1988/8/15

پلەی ئەندامێتی وەرگرتووە." هاوکاری 1006 - 1988/9/8



- عەلی شێخ ئەمین بەرزنجی فەوجی 201
" لەکاری ئەنفالی یەکەمدا دەورێکی گرنگمان هەبووە لە پاکردنەوەی ناوچەکانی گەبچینە و جاسەنە و قەمچوغە و سەرمۆرد و مەیدان و شێخ باخ و سەرگەڵو و بەرگەڵو، وە لە ئەنفالی دووەمدا جەنگاوەرانمان وانەی ئازایەتییان لە رزگارکردنی ئەم ناوچانە تۆمارکرد ( تیمار، دۆڵانی سەرو و خوار و جافەران )" هاوکاری (9800) - 1988/6/6



- شێخ فەخری ئیسماعیل ئاغا، فەوجی 133
" فەوجەکەی ئێمە (1200) شەڕکەری هەیە و هەر لە دامەزراندنیەوە هەتا ئێستا لە چەندین شەڕ بەشداری کردووە، تایبەت لە دەڤەری سەنگاو دێرەلوك و شیلادزێ و بێگۆڤە و ئەتروش وە لە ئەنفالی یەکەم و ئەنفالی دووەم و ئەنفالی پێنجەمدا زۆرێکمان لەشەڕکەرانی دوژمن کوشت و زۆریشمان بریندار و دەستگیرکرد." هاوکاری 995 - 1988/8/4



- عیزەدین محمدئەمین یاسین، فەوجی (16)
" فەوجەکەمان بەشداریکردووە لەچەند شەڕێکدا لەوانە شەڕەکانی سەنگاو و دوکان و کارێزە و لە کەرتی ماوەت، شەڕکەرانی فەوجەکەمان هەموویان ئامادەن خۆیان بکەنە قوربانی شەڕی قادسیەی سەرۆکی فەرماندە صەدام حسەین خوا بیپارێزێت." هاوکاری (967) - 1988/4/18



- شێخ ئەحمەد جەمیل بەرزنجی فەوجی 240
" لەکارەکانی ئەنفالی سێیەمدا بەشدارییەکی گەورەمان کردووە و چەندین گوند و ناوچەمان لە دەستی بەکرێگیراوان رزگارکردووە، لەوانە ناحیەی قادرکەرەم و گوندی ئیبراهیم غولام وە ناوچەی قۆپی قەرەداغ شوێنی داستانێکی گەورەی فەوجەکەمانە." هاوکاری 966 - 1988/8/8



- عومەر حەسەن رەسوڵ فەوجی 28
" لەگرنگترین کارەکانی فەوجەکەمان کە ئەنجامیداوە بەشداربووە لە کارەکانی پێنجوێن و چوارتا و کەنارو و ئەنفالی دوهەمدا، فەوجەکەمان نیشانەی ئازایەتی پێبەخشراوە و



- وەلید قاسم ئاغا رۆژبەیانی، فەوجی 270
" فەوجەکەمان بەشداریکردووە لە کارەکانی پاککردنەوەی زاوێتە و کانی ماسی و دێرەلوك و هەمیشە ئامادەین بۆ گۆڕکردنی هەوڵەکانی دوژمن لە هەر ناوچەیەکدا بێت." هاوکاری (999) - 1988/8/18



– محەمەد کەحلی ڕێکانی – فەوجی 7
لەماوەی ئەم چەند ساڵەدا چەند شەڕێکمان کردووە لەگەڵ هێزی دەجالی خومەینی و چڵکاوخۆرەکانی ، بەتایبەتی لە کەرتی پێنجوێن و سیدەکان و ئەزمڕ و تەقتەق و ماوەت و بارزان و چوارتا و دێرالوك و کانی ماسی . هاوکاری (986) – 1986/6/27



– شێخ ئیبراهیم شێخ نەجمەدین، فەوجی 102
" فەوجی ئێمە شانازی بەوەوە دەکەن کە خاوەنی چەندین نەبەردین لە ناوچەکانی چوارتا و کەتوو شوان و هەروەها تۆماری ئازایەتیمیان لە ئەنفالەکاندا تۆمارکراوە و بەخوێنی پاکی شەهیدانمان چیاکانی کوردستانمان ئاوداوە...پەیمانیش نوێدەکەمەوە هەمیشە ئامادەی هەموو ئەرکێکی کوشتارین کە پێمان بسپێردرێت." هاوکاری (1003) – 1988/9/1



– خەلیل عەبدولاّ شەرەفان فەوجی (109)
" لە گرنگترین ئەو جەنگانەی کە فەوجەکەمان تیایدا بەشداریکردووە و ئەرکی قارەمانێتی خۆی نواندووە جەنگی چوارتا بوە لە ساڵی 1986 داو جەنگی شەمێران ساڵی 1986 هەروەها لە جەنگی ئەنفالی یەکەمدا لە سەرگەڵو و بەرگەڵو و جەنگی ئەنفالی دووەم لە قەرەداغ، کە فەوجەکەمان چەکێکی زۆری دەستکەوت لەم جەنگانەدا کە جەنگی فارسی دوژمن بوون، لە هەردوو جەنگی ئەنفالی یەکەم و دووەمدا ئەوەبوو کە فەوجەکەمان پاداشتی سەرکردایەتی وەرگرت."
هاوکاری – 1988/6/16

## ژمارەی داهاتوو چوارەمین ساڵیادی گۆڤاری لڤینە

لە ژمارەی داهاتووەوە لڤین پێدەنێتە ساڵی پێنجەمی تەمەنی و چوارساڵ لە ئەزمونی کاری ڕۆژنامەنوسی خۆی تێدەپەڕێنێت ، بەو بۆنەیەوە خوێنەران ئاگاداردەکەین کە لە ژمارەی داهاتووەوە کۆمەڵێك گۆڕانکاری گرنگ دەبینن ، خوێنەرانی بەڕێزیش دەتوانن راو سەرنج و پێشنیارەکانیان لە ڕێگەی ئیمێڵەکانی لڤینەوە ڕەوانە بکەن .

lvinpress@yahoo.com
lvinpress@hotmail.com

## میرانی عەباسە فەنی سیناریۆی گەردەلول چاپ دەکات

میرانی عەباسەفەنی (چیا) سیناریۆی گەردەلولی بلاّوکردەوە، ئەم کتێبە سیناریۆی فیلمێکی کوردییە کە نوسەرەکەی هەوڵی داوە لە ڕێگەی زمانی ڕەمزەوە ئاماژە بە هەندێک بابەتی گرنگ بکات .




**پۆزش**

لە ژمارەی پێشودا لە ریپۆرتاژی گرفتی نیشتەجێبوون لە خورماڵ ناوی ئامادەکاری ریپۆرتاژەکە (وریا حسێن) و (ڕێبوار حەمەلاو)ی خاوەنی وێنەکە پەڕیوە . بۆیە داوای لێبوردن لە م دوو بەڕێزە و خوێنەران دەکەین .

لڤین